گۆڤاری قەڵای زانست

گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق

بەرگی(٩) – ژمارە(١)، بەهاری٢٠٢٤

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# ڕەوشی پرۆسەی گواستنەوەی گشتی لە هەرێمی کوردستانی عیراق
# توێژینەوەیەکی شیکاریی سۆسیۆلۆژییە

**پ.د.سلیم پەترۆس ئلیاس**

بەشی کۆمەڵناسی، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی صلاح الدین، هەولێر، کوردستان/عێراق.

Selim.elias@su.edu.krd

**م.ی. نەبەز عزیز احمد.**

بەشی کۆمەڵناسی ، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی صلاح الدین، هەولێر، کوردستان/عێراق

nabaz.ahmad@su.edu.krd

**زانیاریەکانی‌توێژینەوە**

بەرواری توێژینەوە:

**وەرگرتن:**٢٠٢٣/١/١١

**پەسەندکردن:**٢٠٢٣/٣/٨

**بڵاوکردنەوە:**بەهاری٢٠٢٤

**ووشە سەرەکییەکان**

*Transportation, Public Transportation, Private transportation, society reality, Transportation Means.*

**Doi:**

10.25212/lfu.qzj.9.1.21

**پوختە**

کار و چالاکی پرۆسەی گواستنەوە، بۆتە بەشێکی دانەبڕاو لە ژیان و پێداویستیەکی سەرەکی ژیانی ڕۆژانەی مرۆڤەکان، گواستنەوە پەیوەستە بەسەرجەم سیستەمە جیاوازەکانی بونیادی کۆمەڵایەتیەوە و، کاریگەر و کارتێکراوە بە پەرەسەندنی کۆمەڵایەتی و ئابوری و، پشکدارە لە نزمکردنەوەی تێچو و نرخی بەرهەمەکان و خزمەتگوزارییەکان، بۆیە گرنگی پێدان و دابینکردنی بەشێوەیەکی گونجاو بۆتە ئەرکی سەرشانی حکومەتەکان. ئامانجی سەرەکی ئەم توێژینەوەیە دیاریکردنی ڕەوشی ڕاستەقینەی گواستنەوەی گشتی و ئاستی خزمەتگوزارییەکانی ئەم کەرتەیە، هەروەها توێژینەوەکە بە چەند ئەنجامێک گەیشتووە لەوانە گواستنەوەی گشتی و جۆری ئامرازەکانی بە پێی پێویستی هاوڵاتیان نین و، زۆربونی ئامرازەکانی گواستنەوە هۆکارن بۆ زۆربوونی ڕوداوەکانی هاتووچۆ و پیس بوونی ژینگە و هەوای شارەکان، ئەم توێژینەوەیە لە سێ بەش

پێکهاتووە، بەشی یەکەم ڕەهەندە سەرەکیەکانی تویژینەوەکە روون دەکاتەوە و بەشی دووەم خستنە رووی رەوشی راستەقینەی گواستنەوەی گشتیە لە هەرێمی کوردستان و بەشی سێیەمیش خستنە رووی داتا و زانیاری نوێیە لەسەر رێژەی بەکارهێنانی رۆژاتەی گواستنەوەی گشتی..

## پێشەکی:

کەرتی گواستنەوە و هاتووچۆکردنی گشتی، بەشێکی گرنگە لە ژێرخانی هەر کۆمەڵگەیەک، پەیوەندی راستەوخۆشی بەژیانی رۆژانەی هەموو مرۆڤەکانەوە هەیە، هەروەها رۆڵی خۆی دەبینێ لە بواری ئابوری و کۆمەڵایەتی و سەرجەم بوارەکانی تری کۆمەڵگە و ژیانی کۆمەڵایەتیدا. بۆیە بە کۆڵەکەیەکی سەرەکی دادەنریت کە کارلێکرا و کارتێکەرە لەسەر پرۆسەی گەشەسەندنی ئابووری و کۆمەڵایەتی(صفر،٢٠١٥: ص٢٠٢).وەک ئەوەی (الفريد مارشال)ی ئابورێناس دەڵێ دیارترین هۆکاری ئابوری لە سەردەمی نوێدا بریتیە لە شۆرش نەک لە بواری بەرهەم (انتاج) دا بەڵکو ئەوە لە بواری گواستنەوەدا (مكى، ١٩٧٥: ص ٣). کەواتە دەتوانین بڵێین پێشکەوتن لە کەرتی گواستنەوە و هاتووچۆکردن، رەخساندن و یارمەتیدەر دەبێت بۆ گەشەکردن و بەرەو پێشبردنی پرۆسەی بازرگانی و ئابووری و سەرجەم کایەکانی تری ژیان لە کۆمەڵگەدا. گواستنەوەی گشتی ئەو جۆرەیە کە رۆژانە هاولاتیان دەتوانن بە نرخێکی کەمتر و دیاریکراو بەکاری بهێنن.

## بەشی یەکەم: چوارچێوەی گشتی تویژینەوەکە.

### باسی یەکەم: رەهەندە سەرەکیەکانی تویژینەوەکە.

### یەکەم: پرسی سەرەکی تویژینەوەکە.

پرسی تویژینەوەکە بریتیە لە دیگایەکی شیکاری کۆمەڵناسیانە بۆ رەوشی راستەقینەی پرۆسەی گواستنەوەی گشتی لە هەرێمی کوردستان، لەم تویژینەوەیەدا هەوڵدراوە خوێندنەوەیەکی ورد بۆ رەوشی راستەقینەی کەرتی گواستنەوەی گشتی بکرێت، تاکو ئەوە بزانین ئایا کەرتی گواستنەوەی

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

گشتی لە ئاستی خواست و پێداویستیەکانی هاوڵاتیانی هەرێمی کوردستاندایە، ئایا هاوڵاتیان تا چەند قایلن بەو خزمەتگوزارییەی لەم کەرتەوە پیشکەشیان دەکرێت.

**دووەم: ئامانجی توێژینەوەکە.**

هەر توێژینەوەیەکی زانستی چەند ئامانج و مەبەستێك لە پشت ئەنجامدانیەوە هەیە، کە دەیەوێ لەمیانەی ڕێکارەکانی توێژینەوەکەدا بەدەستیان بهێنێ، ئەمەش گرنگی و بایەخی توێژینەوە دەردەخات لە زیادکردنی مەعریفەی زانستی تیۆری و پراکتیکی بۆ کۆمەڵگە و ژیانی مرۆڤایەتی، بۆیە ئامانجی سەرەکی ئەم توێژینەوەیەش بریتیە لە خستنەر ووی ڕەوشی راستەقینەی گواستنەوەی گشتی لە هەرێمی کوردستان، ئەویش لە ڕێگای وەلامدانەوەی چەند پرسێکی سەرەکیەوە وەک:

1- زانینی ڕێژەی بەکارهێنەرانی هێڵەکانی گواستنەوەی گشتی ڕۆژانە لە چی ئاستێکدایە بە بەراورد بە ژمارەی دانیشتوانی هەرێم و شار و ناوچە جیاوازەکان.
2- ڕێژەی هێڵ و ئەو ئامرازە جیاوازانەی لە هێڵە گشتیە ناوخۆیی و دەرەکیەکاندا ڕۆژانە کار دەکەن، بەراورد بە ژمارەی دانیشتوان لە چی ئاستێکدایە.
3- ئایا کەرتی گواستنەوەی گشتی بە گوێرەی کات و سەردەم لە ئاستی خواست و پێداویستیەکانی هاوڵاتیانی هەرێمی کوردستاندایە؟
4- ئایا هاوڵاتیان تا چەندە لەو خزمەتگوزارییەی لەم کەرتەوە پیشکەشیان دەکرێت ڕەزامەندن؟

**سێیەم: گرنگی تویژینەوەکە:**

هەر هەوڵ و کارێکی زانستی کە ئەنجام دەدرێت گرنگی و بایەخی خۆی هەیە بە تایبەت لە دەرئەنجامی کۆتایی کارەکەیدا گرنگی خۆی زیاتر بەدەردەخات، ئەم توێژینەوەیش لە دولایەنی جوداوە گرنگی خۆی هەیە ئەوانیش: لایەنی تیۆری، کە دەبێتە هۆی کەڵەکە بوونێکی زانیاری لەسەر بابەتی توێژینەوە، وە بەهۆی کەمی توێژینەوە لەسەر ئەم بوارە، بەتایبەت لە بواری پسپۆری سۆسیۆلۆژیادا، هەروەها لە لایەنی پراکتیکی دەکرێت ئەو دەرئەنجامانەی تویژینەوە زانستیەکان پێی

دەگەن یارمەتیدەر دەبێت بۆ لایەنی پەیوەندیدار تاکو بەرچاو رونیەکی تەواویان پێ ببەخشێ لە دارشتنی پلانی کاردا و زیاتر گرنگی و بایەخ بەم بوارە بدەن.

**چوارەم: میتۆدی تویژینەوەکە.**

ئەم توێژینەوەیە دەکەوێتە چوارچێوەی پەرەدایمی پۆسەتیڤزمەوە، لە جۆری توێژینەوەی وەسفی شیکارییە، توێژینەوەی وەسفی شیکاری لە راستیەکان و رەوشی دیاردەکان دەکۆلێتەوە، ئەو زانیارییانەی لە میانەی ڕێکارەکانی توێژینەوە بەدەست دێت، راڤە و شیکارییان بۆ دەکات لەروی چەندایەتی و چۆنایەتی، لەم توێژینەوەیەدا بۆ کۆکردنەوەی زانیاری ورد و دروست لەبارەی بابەتی توێژینەوە سوود لە میتۆدی وەسفی بە بەکارهێنانی ڕێگای شیکردنەوەی داتاکان وەرگیراوە. میتۆدی وەسفی کۆمەڵێ ڕێکاری زانستییە بۆ وەسفێکی تێروتەسەلی دیاردەیەک یاخود بابەتێک کە پشت بە کۆکردنەوە و پۆلێنکردنی راستی و زانیاریەکان دەبەستێت، دواتر شیکردنەوەیان بە شێوەیەکی ورد و پوختەکردنی بەڵگەکان بۆ گەیشتن بە ئەنجام و گشتاندن لەبارەی بابەتی توێژینەوە(الخياط،٢٠١٠: لا ١٣٦).

**باسی دووەم: ناساندنی چەمکە سەرەکییەکان:**

لە زانستە مرۆییەکاندا مانای چەمکەکان بە پێی جیاوازی پسپۆری و کات و شوێن پێناسەی جیاوازیان بۆ دەکرێت( ئەبراش،2013: لا 366). هەروەها رونکردنەوەی چەمکە سەرەکیەکانی تویژینەوە لە ئامانجەکانی توێژینەوە زیاتر نزیکمان دەکاتەوە( عومەر،2012: لا71-72). بۆیە لەسەرەتاوە پێویستە ماناکانیان بە شێوەیەکی روون دیاریبکرێت، تاکو بە سانایی بگاتە هزری خوێنەر(شوانی،2015:لا221). بۆیە تویژەر هەوڵیداوە چەمکەکانی توێژینەوەکەی دیاریبکات.

**یەکەم: گواستنەوە. النقل ـ Transportation .**

گواستنەوە ئامرازەکانی پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییە بۆ خەلکی لە شوینێکەوە بۆ شوێنێکی دیکە، جیاوازی جۆری گواستنەوە و ئامرازەکانیشی بە پێی جۆری گواستنەوە و پلانی گواستنەوە جیاوازە، وەک گواستنەوەی زەمینی یان ئاسمانی یاخود ئاوی/ دەریایی(الجلاد،٢٠٠٣:ص ١٦). هەروەها

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(١)، بەهاری٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

گواستنەوە بە واتای گواستنەوەی خەڵک و کاڵا و سامان و پێداویستیەکانیشە لە شوێنێکەوە بۆشوێنێکی دیکە، بە بەکارهێنانی ئامرازە جۆرا و جۆرەکانی گواستنەوە و بڕینی مەوداو و دورییە جیاوازەکان بە کورتترین ماوە و ڕێگا، بە ئاسانترین و کەمترین تێچوو هەروەها بە خیرایی و گەیشتن بە شێوەیەکی ئارام و بەکەمترین کات، بە پێی بنەما و توانا بەردەستەکان (الشواورة،٢٠١٣: ص ١٢٣،،١٢٥ ). هانز ئادلر شارەزا لە بواری گواستنەوە لە بانکی نێودەوڵەتی بۆ بونیادنان و نۆژەنکردنەوە BIBA"گواستنەوە پێناسەدەکات بەوەی بریتیە لە گواستنەوەی خزمەتگوزاری و گەیاندنی پێداویستیەکانە لە ناوەندی بەرهەمهێنان بۆ ناوەندی نیشتەنی و بەکارهێنان(ئادلر،١٩٧٠:ص ٥٠ ) وەرگیراوە لە (مکی،٢٠١٣:ص ٣).

**دووەم: گواستنەوەی گشتی. النقل العام ـ Public Transport .**

گواستنەوەی گشتی بریتیە لەو شێوازەی گواستنەوە، کە بەگشتی سوودبەخشە بە هەمووان و بەشێوەیەکی سەرەکیش بۆ کەسانی هەژار و کەم دەرامەت، هەروەها ئەم جۆرە و ئامرازەکانی ڕۆڵێکی زیندوو دیاریان هەیە لە دابینکردنی خزمەتگوزاری گەیاندن بۆ شوێنی کار و مەبەست بۆ کۆمەڵگە بەگشتی و کەسانی کەم دەرامەت و ئەوانەی داهاتێکی سنوردار و دیاریکراویان هەیە بەتایبەت، هەروەها لە ناوچە شارنشینیەکاندا لە خۆگری ڕەهەندیکی کۆمەڵایەتی گرنگە و پیویستە پەرەی پیبدرێ و ڕۆڵی ئەرینی خۆی هەیە لەچەند لایەنێکی جیاوازدا بۆ نموونە: کەمکردنەوەی جەنجاڵی قەرەبالغی هاتووچۆ لە ناوشاردا و کەمکردنەوەی ڕوداوەکانی هاتوچۆ و کەمکردنەوەی سوتەمەنی گازوایل و وزە بەکارهاتووەکان کە کاریگەری خراپیان هەیە بۆ سەر ژینگە(زیدان،٢٠١٢:ص ١١). هەروەها گواستنەوەی گشتی ئامرازێکی گرنگی پیکەوە گرێدانی شوینە جیاوەزەکانی شار و وڵاتە بەگشتی و یارمەتیدەرە بۆ بەردەوام بوونی ژیان لەشار بە هەموو پیکهاتە و شوینە جیاوازەکانی (حبیب و عبدالمجید،٢٠١٨: ص ٣).

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(١)، بەهاری ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## بەشی دووەم: ڕەوشی گواستنەوەی گشتی لە هەرێمی کوردستانی عێراق.

### باسی یەکەم: کۆمپانیا و نوسینگەکانی گواستنەوە لە هەرێمی کوردستان.

بۆ تێگەیشتن لە ژێرخانی کەرتی سیستەمی گواستنەوەی گشتی و بەکۆمەڵی هەر شار و وڵاتێک، پێویستە زانیاریمان هەبێ لەسەر ڕێژەی خستنەرو هەروەها داوا و خواست لەسەر ئەو کەرتە، بۆ ئەوەی هەوڵی تەواوکاری کەموکورتیەکانی و دراشتنی پلانی بەرەو پێشبردنی بدرێ(مروة و ريمة،2016:ص 21). لە هەرێمی کوردستان لەگەڵ ئەوەی چەندین گەراج و هێڵی گواستنەوەی گشتی لەشارە جیاوازەکان بونیان هەیە، لەگەڵ ئەوەشدا چەندین کۆمپانیا و نوسینگەی گواستنەوەی جۆراو جۆر مۆڵەتی دامەزراندن و کارپێکردنیان پێدراوە لە لایەن وەزارەتی گواستنەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستان، بۆ ئەم مەبەستە بروانە خشتەی(1).

خشتەی(1) کۆمپانیا و نوسینگەکانی گواستنەوەی پارێزگا و کارگێڕییە سەربەخۆکان لە هەرێمی کوردستانی عێراق بۆ ساڵی (2021

| پارێزگا و کارگێڕییە سەربەخۆکان | ک.گ کاڵاکان | ک.گ هاوڵاتیان | ک.گ بەرهەمی نەوتی | ک.گ تەکسی تەلەفۆنی | ک. ڕێکلام لەسەر ئامرازەکانی گواستنەوە | ک.گ قوتابیان و فەرمانبەران | ن.گ هاوڵاتیان | ن.گ کاڵاکان | ن.گ بەرهەمی نەوتی | ن.گ تکسی تلفۆنی | ن.گ فەرمانبەر و قوتابیان | ن.گ بەکرێدانی ئۆتۆمبیلی تایبەت |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| **هەولێر** | 93 | 26 | 36 | 4 | 4 | 3 | 18 | 37 | 10 | 19 | 15 | 2 |
| **سلێمانی** | 65 | 22 | 47 | 5 | 7 | 16 | 4 | 4 | - | 2 | 11 | 5 |
| **دهۆک** | 37 | 31 | 27 | - | - | - | 24 | 1 | - | 9 | 1 | 1 |
| **کارگێڕی ڕاپەرین** | 7 | - | - | - | - | - | - | - | - | - | - | - |
| **کارگێڕی گەرمیان** | - | - | 2 | - | - | - | - | - | - | - | - | - |
| **ک.گشتی** | 202 | 79 | 112 | 9 | 11 | 19 | 46 | 42 | 10 | 30 | 27 | 8 |

سەرچاوە؛ حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندن، بەرێوەبەرایەتی گشتی گواستنەوە،2022، بڵاونەکراوە.

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

وەک ئەوەی لە خشتەی(1) هاتووە لە شاری هەولێر 166 کۆمپانیای گواستنەوە هەیە بۆ کاری گواستنەوەی جیاواز وەک گواستنەوەی هاوڵاتیان و فەرمانبەران و قوتابیان و کاڵا و بەرهەمە نەوتیەکان، هەروەها 101 نوسینگەی کاری گواستنەوەش هەن و کاری گواستنەوەی جۆرا و جۆر ئەنجام دەدەن وەک ئەوەی کۆمپانیاکان ئەنجامی دەدەن. لەشاری سلێمانیش 162 کۆمپانیا و 26 نوسینگەی گواستنەوە هەن کە کاری گواستنەوەی جۆرا و جۆر ئەنجام دەدەن، لەشاری دهۆک 95 کۆمپانیا و 26 نوسینگەی کاری گواستنەوە هەن و لە راپەرین تەنها 7 کۆمپانیا و لە کارگێڕی گەرمیانیش 2 دوو کۆمپانیای کاری گواستنەوە بونیان هەیە، کەواتە بەگشتی لە هەرێمی کوردستان 432 کۆمپانیا و 158 نوسینگەی کاری گواستنەوە مۆڵەتی کارکردن و دامەزراندنیان پێدراوە و ئێستا لە بواری جۆرا و جۆردا کاری گواستنەوە و گەیاندن ئەنجام دەدەن. هەموو ئەم کۆمپانیا و نوسینگانەی کە کاری گواستنەوە و گەیاندن ئەنجام دەدەن کەرتی تایبەت بەڕێوەیان دەبات.

**باسی دووەم: هێڵەکانی گواستنەوەی گشتی لە پارێزگا و کارگێڕییە سەربەخۆکانی هەرێمی کوردستان.**

لە پارێزگا و کارگێڕییە سەربەخۆکانی هەرێمی کوردستان چەندین هێڵی مۆڵەت پێدراو هەیە، کە لەلایەن وەزارەتی گواستنەوە دیاریکراون، ئەو هێڵانەش بۆ کاری گواستنەوەی گشتی لە ناوخۆی شارەکان، واتە لەناو گەرەکە جیاوازەکانی سەنتەری شارەکان و دەروروبەر و قەزا و ناحیەکان خزمەتگوزاری کاری گواستنەوە و گەیاندن پێشکەش بە هاوڵاتیان دەکەن، هەروەها بۆ دەرەوەی شارەکان واتە لە نێوان شارەکانی هەرێمی کوردستان و ناوەراست و باشوری عێراق کاری هاتوچۆ و گواستنەوە و گەیاندن ئەنجام دەدەن، هەموو هاوڵاتیان بەشێوەیەکی یەکسان و نرخێکی دیاریکراو دەتوانن سوود لەتەواوی ئەو هێڵانەی گواستنەوە وەربگرن، بۆ بەرچاو روونی زیاتر لە بارەی ژمارەی هێڵەکان و ئەو ئۆتۆمبێلانەی لە هەریەک لەو هێڵانەدا کاری گواستنەوە ئەنجام دەدەن بروانە خشتەی(2).

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(١)، بەهاری٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

خشتەی (2) هێڵە گشتیەکانی پاس و تەکسی لە پارێزگاکان و کارگێڕییە سەربەخۆکان بۆ ساڵی(2021).

| شارەکان | هێڵەکانی ناوشار/پاس | پاسەکانی هێڵەکانی ناوشار | هێڵەکانی دەرەوەشار/پاس | پاسەکانی هێڵەکانی دەرەوەی شار | هێڵەکانی دەرەوەشار/تکسی | تەکسیەکانی هێڵەکانی دەرەوەی شار |
|---|---|---|---|---|---|---|
| هەولێر | 29 | 948 | 13 | 177 | 28 | 717 |
| سلێمانی | 25 | 1601 | 17 | 472 | 23 | 609 |
| دهۆک | 7 | 896 | 3 | 69 | 15 | 416 |
| کارگێڕی گەرمیان | 7 | 405 | 31 | 395 | 18 | 292 |
| کارگێڕی راپەرین | 5 | 49 | 5 | 402 | 9 | 105 |
| کۆی گشتی | 73 | 3899 | 69 | 1515 | 93 | 2139 |

سەرچاوە؛حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندن، بەرێوەبەرایەتی گشتی گواستنەوە،2022، بڵاونەکراوە.

ئەگەر ژمارەی هێلەکانی گواستنەوە و ئۆتۆمبێلەکان وەک ئەوەی لە خشتەی(2) دا هاتووە دابەشی سەر ژمارەی دانیشتوانی بکەین دەردەکەوێت کە چەند کەس ئۆتۆمبێلێکیان بەر دەکەوێت. بە پێی دواهەمین راپۆرتی دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان بۆ ژمارەی دانیشتوان، ژمارەی دانیشتوانی پارێزگای هەولێر بۆ ساڵی (2020) بریتیە لە (2254422) کەس، هێڵەکانی گواستنەوەی گشتی لەناوخۆی شاری هەولێر بریتییە لە (29) هێڵ و ژمارەی پاسەکانی کۆی هێڵەکانیش (948) پاسی گەورە و مام ناوەند و بچوکن، کەواتە بە (2378) هاوڵاتی یەک پاسیان بەردەکەوێت لە هێڵەکانی ناوخۆی شادرا، هەروەها هێڵەکانی دەرەوەی شار واتە نێوان شاری هەولێر و سەرجەم شارەکانی دیکەی هەرێمی کوردستان و ناوەراست و باشوری عێراق دەگرێتەوە، بریتین لە (13) هێڵ و ژمارەی پاسەکانی لەم هێلانەی گواستنەوەدا کاردەکەن بریتیە لە (177) پاس، کەواتە بۆ (12737) هاوڵاتی یەک پاسیان بەردەکەوێت. هەروەها (28) هێڵی تەکسی و (717) تەکسی کاری خزمەتگوزاری گواستنەوەی گشتی دەرەکی پێشکەشی هاوڵاتیانی پارێزگای هەولێر دەکەن، کەواتە (3144) هاوڵاتی

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

یەک تەکسیان بەردەکەوێ. بە هەردوو هێڵی پاسەکان و تەکسی دەرەوەی شار (894) پاس و تەکسی کاری گواستنەوەی گشتی پێشکەش دەکەن، کەواتە بە گشتی (2521) هاوڵاتی یەک ئۆتۆمبێلیان بەردەکەوێ لە هێڵەکانی گواستنەوەی دەرەکی نێوان هەولێر و شارەکانی دیکەی هەرێمی کوردستان و ناوەراست و باشوری عێراق. هەروەها بۆ پارێزگای سلێمانی ژمارەی دانیشتوانی بۆ ساڵی(2020) بریتیە لە (2268050)، بەڵام ئەم سەرژمێرییە ژمارەی دانیشتوانی کارگێڕی ڕاپەڕین و کارگێڕی گەرمیانیشی لەگەڵدا هەژمارکراوە، بۆیە لێرەدا پێویستە ژمارەی دانیشتوانی کارگێڕییەکانی ڕاپەڕین و گەرمیان کەم بکەینەوە، لەکۆی ئەو ژمارەیەی بۆ دانیشتوانی پارێزگای سلێمانی خراوەتە روو، بە پێی ئاماری دەستەی ئاماری هەرێم سەرجەم ژمارەی دانیشتوانی کارگێڕی گەرمیان و ڕاپەڕین، بریتین لە (666361) کەس، کەواتە ژمارەی دانیشتوانی پارێزگای سلێمانی بەبێ هەردوو کارگێڕییە سەربەخۆکە بریتی دەبێت لە (1601689)، کەواتە لە پارێزگای سلێمانی بۆ گواستنەوەی گشتی ناوخۆ (25) هێڵ و (1601) پاس کاری خزمەتگوزاری گواستنەوەی گشتی پێشکەش بە هاوڵاتیان دەکەن ، کەواتە (1000) هاوڵاتی یەک پاسیان بەردەکەوێت. هەروەها بۆ خزمەتگوزاری گواستنەوەی گشتی دەرەکی نێوان سلێمانی و شارەکانی دیکە (17) هێڵی پاسن کە ژمارەیان (427) پاسە، کەواتە بۆ (3751) هاوڵاتی یەک پاسیان بەردەکەوێ، هەروەها هێڵەکانی تەکسی گواستنەوەی گشتی دەرکی بریتین لە (23) هێڵ و (609) تەکسی واتە بۆ (2630) هاوڵاتی یەک تەکسیان بەردەکەوێ، بە هەردوو هێڵەکانی تەکسی پاسەکانی گواستنەوەی گشتی دەرەکی بریتین لە (40) هێڵ و (1036) ئۆتۆمبێل کەواتە بەگشتی لە گواستنەوەی گشتی دەرەکیدا بۆ (1546) هاوڵاتی دانیشتوی پاریزگای سلێمانی یەک ئۆتۆمبێلیان بەردەکەوێ.

بە پێی داتای دەستەی ئاماری هەرێم ژمارەی دانیشتوانی کارگێڕی گەرمیان بۆ ساڵی(2020) بریتیە لە (281718) کەس، بۆ گواستنەوەی گشتی ناوخۆ (7) هێڵ و (405) پاس کاری خزمەتگوزاری گواستنەوەی گشتی پێشکەش بە هاوڵاتیان دەکەن لە کارگێڕی گەرمیان ، کەواتە (697) هاوڵاتی یەک پاسیان بەردەکەوێت. هەروەها بۆ گواستنەوەی گشتی دەرەکی (31) هێڵی پاسن کە ژمارەیان (395) پاسە، کەواتە بۆ (713) هاوڵاتی یەک پاسیان بەردەکەوێ، هەروەها هێڵەکانی تەکسی گواستنەوەی گشتی دەرکی بریتین لە (18) هێڵ و (292) تەکسی واتە بۆ (965) هاوڵاتی یەک تەکسیان

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(١)، بەهاری٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بەردەکەوێ، بە هەردوو هێڵەکانی تەکسی و پاسەکانی گواستنەوەی گشتی دەرەکی بریتین لە (49) هێڵ و (687) ئۆتۆمبێل کەواتە بەگشتی لە گواستنەوەی گشتی دەرەکیدا بۆ (410) هاوڵاتی یەک ئۆتۆمبێلیان بەردەکەوێ. هەروەها کارگێڕی ڕاپەڕین، بە پێی داتای دەستەی ئاماری هەرێم ژمارەی دانیشتوانی بۆ ساڵی(2020) بریتیە لە (384643) کەس، بۆ گواستنەوەی گشتی ناوخۆ (5) هێڵ و (49) پاس کاری خزمەتگوزاری گواستنەوەی گشتی پێشکەش بە هاوڵاتیان دەکەن، کەواتە (7850) هاوڵاتی یەک پاسیان بەردەکەوێت. بۆ خزمەتگوزاری گواستنەوەی گشتی دەرەکی نێوان کارگێڕی ڕاپەڕین و شارەکانی دیکە (5) هێڵی پاسن کە ژمارەیان (402) پاسە، کەواتە بۆ (957) هاوڵاتی یەک پاسیان بەردەکەوێ، هەروەها هێڵەکانی تەکسی گواستنەوەی گشتی دەرکی بریتین لە (9) هێڵ و (105) تەکسی واتە بۆ (3663) هاوڵاتی یەک تەکسیان بەردەکەوێ، بە هەردوو هێڵەکانی تەکسی پاسەکانی گواستنەوەی گشتی دەرەکی بریتین لە (14) هێڵ و (507) ئۆتۆمبێل کەواتە بەگشتی لە گواستنەوەی گشتی دەرەکیدا بۆ (759) هاوڵاتی دانیشتوی کارگێڕی ڕاپەڕین یەک ئۆتۆمبێلیان بەردەکەوێ.

سەبارەت بە پارێزگای دهۆک ژمارەی دانیشتوانی بۆ ساڵی(2020) بریتیە لە (1648611) ;کەس، بۆ گواستنەوەی گشتی ناوخۆ (7) هێڵ و (896) پاس کاری خزمەتگوزاری گواستنەوەی گشتی پێشکەش بە هاوڵاتیان دەکەن ، کەواتە (1840) هاوڵاتی یەک پاسیان بەردەکەوێت. هەروەها بۆ خزمەتگوزاری گواستنەوەی گشتی دەرەکی نێوان دهۆک و شارەکانی دیکە (3) هێڵی پاسن کە ژمارەیان (69) پاسە، کەواتە بۆ (23893) هاوڵاتی یەک پاسیان بەردەکەوێ، هەروەها هێڵەکانی تەکسی گواستنەوەی گشتی دەرکی بریتین لە (15) هێڵ و (416) تەکسی واتە بۆ (3963) هاوڵاتی یەک تەکسیان بەردەکەوێ، بە هەردوو هێڵەکانی تەکسی پاسەکانی گواستنەوەی گشتی دەرەکی بریتین لە (18) هێڵ و (458) ئۆتۆمبێل کەواتە بەگشتی لە گواستنەوەی گشتی دەرەکیدا بۆ (3599) هاوڵاتی دانیشتوی پاریزگای دهۆک یەک ئۆتۆمبێلیان بەردەکەوێ.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(١)، بەهاری٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**باسی سێهەم: ئاست و کوالێتی خزمەتگوزارییەکانی گواستنەوەی گشتی.**

باشی و خراپی ئەو خزمەتگوزارییەی لە کەرتی گواستنەوەی گشتی پێشکەش بە هاوڵاتیان دەکرێت، ئاستی قایل بوون یان قایل نەبوونی هاوڵاتیان و رێژەی بەکارهێنەران دیاری دەکات، واتە چەند ئاستی خزمەتگوزارییەکان باش و بەرز بێت لەوەیە رێژەی بەکارهێنەرانیش زیاتر بێت و خەڵکی زۆرتر روو لەبەکارهێنانی بکەن لە جیاتی بەکارهێنانی ئۆتۆمبێلی تایبەتی خۆیان.

خزمەتگوزارییەکانی گواستنەوەی گشتی چەند رەهەندێک لەخۆ دەگرێت، وەک جۆر و چۆنایەتی خزمەتگوزارییەکان و بەئاسانی گەیاندن بۆ شوێنی مەبەست بەکاتێکی دیاریکراو، هەروەها هاوڵاتیان بەئاسانی بتوانن دەستیان بە ئامرازەکانی گواستنەوەی گشتی بگات، وە هەبوونی زانیاری تەواو لەسەر کات و شوێنی گەیشتن و دەرچوونی گەشتەکان و دابینکردنی کەشێکی ئارام و دڵنیایی و سەلامەتی بۆ سەر و ماڵی سەرنشینانی هێڵەکانی گواستنەوەی گشتی (خالد و فارس،2019: ص 24،،،29). ئەگەر خزمەتگوزارییەکانی کەرتی گواستنەوەی گشتی لە ئاستێکی باشدابن، ئەوە چەندین سودی هەمەلایەنی بۆ ژیانی خەڵک و کۆمەڵگە دەبێ. وەک کەمکردنەوەی جەنجاڵی لەشەقامەکانی شار و ئەو قورساییەی دەکەوێتە سەر رێگاوبانە دەرەکییەکان، لەبەر ئەوەی پاسێک بەرامبەر (5 بۆ 10) ئۆتۆمبێلی بچووک توانای هەڵگرتنی سەرنشینی هەیە، ئەمەش دەبێتە هۆی کەمکردنەوەی روداوەکانی هاتووچۆ و پیس بونی ژینگەی سروستی و کەمکردنەوەی خەرجیە داراییەکان (اسماء و نور الهدی،2018: ص ص 34_35). کەمکردنەوەی خەرجییە داراییەکان لە دوو لاینەوە دەبێ، ئەویش دامەزراوە فەرمیەکانی حکومەت و هاوڵاتیان. خزمەتگوزارییەکانی کەرتی گواستنەوەی گشتی لە هەرێمی کوردستان لە ئاستی پێویستدا نیە، بۆ نموونە لە رووی نرخ و ئاسودەیی و سەلامەتی سەرنشین و کاتی دەرچوون و گەیشتنی گەشتەکان و دورە دەستی هێڵەکانی گواستنەوە و گەرمی و ساردی و هێڵی ئەنتەرنێت لە ناو ئامرازەکانی گواستنەوە بە پێی وەرزە جیاوازەکان، هەروەها نەبونی هێڵی شەمەندەفەر و سیستەمی سیتی پاس لە هەرێمی کوردستان، ئەوەی کە بەردەستە تەنها پاس و تەکسییە لە هێڵە ناوخۆیی و دەرەکیەکانی شارەکاندا کار دەکەن کە خاوەندارییەتیان ناگەرێتەوە بۆ حکومەت.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(١)، بەهاری٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## بەشی سێیەم: ڕێژەی بەکارهێنانی ڕۆژانەی گواستنەوەی گشتی لەلایەن هاوڵاتیان.

گواستنەوەی گشتی پەیوەندی بە مافی یاسایی هاوڵاتیانیەوە هەیە، بۆیە پێویستە گرنگی پێبدرێ و وەکو خزمەتگوزارییەکی سەرەکی دابین بکرێ بۆ هاوڵاتیان، لەبەر ئەوەی بۆتە بەشێک لە پێداویستی سەرەکی ژیانەی رۆژانە، هەروەها ڕێژەی بەکارهێنانی گواستنەوەی گشتی لەلایەن هاوڵاتیان لەوەیە بە پێی جۆری ئامرازەکانی گواستنەوەی گشتی و چۆنایەتی ئەو خزمەتگوزارییەی لەو کەرتەدا پێشکەش دەکرێت زیاد و کەمی بەسەردابێت. بەپێی دەرئەنجامی توێژینەوەیەک، کە لەسەر پێنج شاری بەریتانیا ئەنجام دراوە، ریژەی بەکارهێنانی گواستنەوەی گشتی، لە لایەن هاوڵاتیان لە شارە گەورەکان زیاترە بەبەراورد بە شارە بچوکەکان. بۆ نموونە لە ناوخۆی شارۆچکەیەکدا (3%) ی هاولاتیان گواستنەوەی گشتی بەکار دەهێنن، لە کاتێکدا لە شارێکی گەورەدا ڕێژەکە بەرزدەبێتەوە بۆ (55%)، هەروەها سوود وەرگرتن لە ئۆتۆمبێلی تایبەت بە پێی قەبارەی شارەکان دەگۆڕێ بۆ نموونە لە شارێکی قەبارە گەورە (24%) سود لە ئۆتۆمبێلی تایبەت وەردەگرێ بۆ کاری گواستنەوە لە کاتێکدا لە شارێکی قەبارە بچوک ڕێژەکە بۆ (46%) بەرزدەبێتەوە (علی،2000: ص 92).

### باسی یەکەم: پارێزگای هەولێر.

هەولێر پایتەختی هەرێمی کوردستانی عێراقە و دامەزراوە فەرمییە سەرەکیەکانی حکومەتیش لەخۆدەگرێت، ریژەی بەکارهێنانی رۆژانەی کەرتی گواستنەوەی گشتی لە پارێزگای هەولێر لەلایەن هاوڵاتیان بەم جۆرەی لای خوارەوەیە، وەک ئەوەی لە خشتەکانی (3) و (4) دا هاتووە .

خشتەی (3) ژمارەی بەکارهێنەرانی ڕۆژانەی گواستنەوەی گشتی ناوخۆیی لە لایەن هاوڵاتیان لە پارێزگای هەولێر.

| ز | هێڵ | ئۆتۆمبێلەکان | جۆری پاس | بەکارهێنان |
|---|---|---|---|---|
| 1 | ڕزگاری | 45 | کۆستەر | 1800 |
| 2 | عەنکاوە | 38 | کۆستەر | 2000 |
| 3 | کوێستان | 37 | پاسی بچوک | 1200 |
| 4 | کوردستان | 32 | کۆستەر | 1680 |

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(١)، بەهاری٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| 5 | روناکی 99 | 40 | کۆستەر | 2240 |
| 6 | سەرووەران | 29 | کۆستەر | 1760 |
| 7 | شاوێس | 27 | کۆستەر | 2376 |
| 8 | راستی | 21 | پاسی بچوک | 1440 |
| 9 | کرێکاران | 43 | کۆستەر | 2560 |
| 10 | باداوە | 29 | کۆستەر | 2400 |
| 11 | هەولێری نوێ | 20 | کۆستەر | 2400 |
| 12 | ئاری | 28 | پاسی بچوک | 1920 |
| 13 | مامۆستایان | 28 | کۆستەر | 2400 |
| 14 | نەورۆز | 39 | کۆستەر | 2400 |
| 15 | برایەتی | 41 | کۆستەر | 2232 |
| 16 | ئیسکان | 34 | پاسی بچوک | 2800 |
| 17 | بەحرکە | 35 | کۆستەر | 3000 |
| 18 | زیلان | 22 | پاسی بچوک | 1792 |
| 19 | پیرزین | 13 | پاسی بچوک | 1120 |
| 20 | ئاوێنە | 38 | پاسی بچوک | 2688 |
| 21 | پیر رەش | 20 | پاسی بچوک | 1000 |
| 22 | رۆشنبیری | 25 | پاسی بچوک | 2016 |
| 23 | قەڵای نوێ | 21 | کۆستەر | 2400 |
| 24 | قوشتەپە | 11 | کۆستەر | 1600 |
| 25 | دارەتوو | 41 | کۆستەر | 3720 |
| 26 | بنەسڵاوە | 33 | کۆستەر | 2640 |
| 27 | کەسنەزان | 38 | کۆستەر | 2240 |
| 28 | مەنتکاوە | 32 | پاسی گەورە | 3120 |
| 29 | 100 مەتری | 41 | کۆستەر | 1500 |
| 30 | 60 مەتری | 45 | کۆستەر | 1500 |
| 31 | 40 مەتری | 56 | کۆستەر | 4000 |
| 32 | 30 مەتری | 46 | کۆستەر | 1200 |

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(١)، بەهاری ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| 33 | جەمکە | 23 | کۆستەر | 2160 |
| کۆی گشتی | | 1071 | | 64928 |

سەرچاوە؛حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندن، بەرێوەبەرایەتی گواستنەوەی هەولێر،2022، بڵاونەکراوە.

لە پارێزگای هەولێر (33) هێڵی گواستنەوەی گشتی هەیە، کە جۆری ئەو ئۆتۆمبێلانەی لەم هێڵانەدا کار دەکەن هەموویان لە جۆری پاسی گەورە و بچووکن، سەرجەمی ژمارەی پاسەکانیش بریتین لە (1071) پاس، رۆژانە (64928) هاوڵاتی لە کۆی دانیشتووانی پارێزگای هەولێر بۆ گەرانەوە لەناو بازار و ناوەندی شارەوە بۆ ماڵەکانیان هێڵەکانی گواستنەوەی گشتی بەکاردەهێنن، ئەگەر گریمانی ئەوە بکەین ئەم هاوڵاتیانە لەکاتی هاتنیان بۆ ناو بازار و سەنتەری شاریش هێڵەکانی گواستنەوەی گشتیان بەکارهێنابێ ئەوە رۆژانە (129856) جار سوود لە هێڵەکانی گواستنەوەی گشتی وەرگیراوە لە لایەن هاوڵاتیان. ئەگەر ئەم ژمارەیە بەراورد بکەین بە کۆی ژمارەی دانیشتوان، پێویستمان بە زانینی کۆی ژمارەی دانیشتووانی پارێزگای هەولێر دەبێت بۆ زانینی ژمارەی دانیشتوان بروانە خشتەی (4).

خشتەی (4) ژمارەی دانیشتوانی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان بۆساڵی(٢٠٢٠)

| پارێزگا | ژمارەی دانیشتووان |
|---|---|
| هەولێر | 2254422 |
| سلێمانی | 2268050 |
| دهۆک | 1648611 |
| کۆی گشتی | 6171083 |

سەرچاوە؛کاری توێژەر لەگەڵ پشت بەستن بە حکومەتی هەرێمی کوردستان،وەزارەتی پلاندانان، دەستەی ئاماری هەرێم،2022.

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

وەک ئەوەی لە خشتەی (4) دا هاتووە لە پارێزگای هەولێر (129856) هاوڵاتی رۆژانە گواستنەوەی گشتی ناوخۆیی بەکاردەهێنن، کۆی ژمارەی دانیشتوانی شاری هەولێر پێکهاتووە لە (2254422)، کەواتە لە کۆی ژمارەی دتنیشتوانی پارێزگای هەولێر رێژەی(5.76%)ی هاوڵاتیان رۆژانە هێڵەکانی گواستنەوەی گشتی لەناوخۆی شاردا بەکاردەهێنن. ئەم رێژەیە بۆ تەواوی پارێزگای هەولێر بەسەرجەم قەزا و ناحیە و گوندەکانیەوە دەگرێتە خۆی، ئەگەر بمانەوێ تەنها دانیشتوانی ناوشاری هەولێر هەژمار بکەین نەک تەواوی پارێزگای هەولێر، ئەوە پێویستمان بە ژمارەی دانیشتوانی قەزای ناوەندی هەولێر و قەزای دەشتی هەولێر دەبێ، بە پێی دواهەمین ئاماری دەستەی ئاماری هەرێم بۆ ساڵی 2020 ژمارەی دانیشتوانی هەردوو قەزای ناوەندی هەولێر و قەزاری دەشتی هەولێر بریتیە لە (1287805) کەس، کەواتە رێژەی (10.08%) لە کۆی ژمارەی هاوڵاتیانی دانیشتووی ناو شاری هەولێر رۆژانە گواستنەوەی گشتی ناوخۆیی بەکاردەهێنن، باقی هاوڵاتیان کە دەکاتە رێژەی (89.92%) لەوەیە رۆژانە بۆ کار و باری هاتوچۆ سوود لە گواستنەوەی تایبەت یان ئۆتۆمبێلی کەسی خۆیان وەربگرن، یان هەندێک رۆژ پێویستیان بە کار و چالاکی گواستنەوە نەبێت. هەروەها سەبارەت بە رێژەی بەکارهێنانی گواستنەوەی گشتی دەرەکی بروانە خشتەی (5).

خشتەی (5) بەکارهێنانی رۆژانەی گواستنەوەی گشتی دەرەکی لە پارێزگای هەولێر.

| ز | هێڵ | بەکارهێنەرانی تەکسی | بەکارهێنەرانی پاس | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|---|
| 1 | هەولێر – موصل | 320 | 240 | 560 |
| 2 | هەولێر – دیانا | 116 | 84 | 200 |
| 3 | هەولێر – رانیە | 88 | 132 | 220 |
| 4 | هەولێر – کۆیە | 140 | 84 | 224 |
| 5 | هەولێر – قەڵادزێ | 56 | نیە | 56 |
| 6 | هەولێر – دهۆک | 52 | نیە | 52 |
| 7 | هەولێر – ئاکرێ | 8 | نیە | 8 |
| 8 | هەولێر – خلیفان | 20 | نیە | 20 |
| 9 | هەولێر – باسرمە | 8 | نیە | 8 |
| 10 | هەولێر – شقلاوە | 24 | 24 | 48 |

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانكۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(١)، بەهاری٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| 11 | هەولێر – مەسیف | 64 | 24 | 88 |
| 12 | هەولێر – ڕەواندز | 8 | نیە | 8 |
| 13 | هەولێر – چۆمان | 32 | نیە | 32 |
| 14 | هەولێر–حاجی ئۆمەران | 92 | نیە | 92 |
| 15 | هەولێر – هەریر | 20 | نیە | 20 |
| 16 | هەولێر – کەرکوک | 310 | 248 | 558 |
| 17 | هەولێر – سلێمانی | 310 | 364 | 674 |
| 18 | هەولێر – پردێ | 24 | نیە | 24 |
| 19 | هەولێر – کەلار | 36 | 28 | 64 |
| 20 | هەولێر– چەمچەماڵ | 36 | نیە | 36 |
| 21 | هەولێر – خانەقین | 12 | نیە | 12 |
| 22 | هەولێر – بەغدا | 280 | 700 | 980 |
| 23 | هەولێر – بەردەرەش | 40 | نیە | 40 |
| 24 | هەولێر – خەبات | 136 | 84 | 220 |
| 25 | هەولێر – کفری | 8 | نیە | 8 |
| 26 | هەولێر – تەق تەق | 16 | نیە | 16 |
| 27 | هەولێر – مخمور | 112 | 6 | 118 |
| 28 | هەولێر – بالیسان | 8 | 14 | 22 |
| 29 | هەولێر – تۆبزاوە | 160 | 98 | 258 |
| کۆی گشتی | | 2536 | 2130 | 4666 |

سەرچاوە؛حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندن، بەرێوەبەرایەتی گواستنەوەی هەولێر،2022، بڵاونەکراوە.

بەپێی خشتەی لای سەرەوە (4666) هاوڵاتی لە کۆی دانیشتوانی پارێزگای هەولێر رۆژانە گواستنەوەی گشتی دەرەکی بەکاردەهێنن بۆ هاتوچۆکردن و گەیشتن بە شارەکانی دیکەی هەرێمی کوردستان و عێراق، لەم ژمارەیەش (2536) هاوڵاتی هێڵەکانی تەکسی و (2130) هاوڵاتی هێڵی پاسەکان بەکاردەهێنن، بەراورد بە کۆی ژمارەی دانیشتوانی شاری هەولێر رۆژانە نزیکەی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(١)، بەهاری ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

(0,206%)ی هاوڵاتیان هێڵە گشتیە دەرەکیەکانی گواستنەوەی گشتی بەکاردەهێنن بۆ گەیشتن و هاتوچۆکردنی دەرەکی لە نێوان هەولێر و باقی شار و شارۆچکەکانی دیکە. ئەمەرەوشی گواستنەوەی گشی ناوخۆیی و دەرەکی بوو لە پارێزگای هەولێر.

**باسی دووەم: پارێزگای دهۆک .**

دهۆک یەکێکە لە پارێزگاکانی دیکەی هەرێمی کوردستان، لەم پارێزگایەش ژمارەیەک هێڵی ناوخۆیی و دەرەکی گواستنەوەی گشتی هەن کە رۆژانە لە لایەن هاوڵاتیان وەک گواستنەوەی گشتی بەکار دەهێنرێن و سودیان لێوەردەگیرێت ، بۆ زانیاری زیاتر بروانە خشتەکانی (6) و (7).

خشتەی (6) ژمارەی بەکارهێنەرانی رۆژانەی گواستنەوەی گشتی ناوخۆیی لە لایەن هاوڵاتیان لە پارێزگای دهۆک.

| ز | هێڵ | چەندایەتی ئۆتۆمبێلەکان | جۆری پاس | بەکارهێنان |
|---|---|---|---|---|
| 1 | زرکا | 74 | پاسی بچوک | 1890 |
| 2 | دۆمیز | 108 | پاسی بچوک | 1512 |
| 3 | دیاری | 97 | پاسی بچوک | 1064 |
| 4 | ماڵتا | 131 | پاسی بچوک | 1316 |
| 5 | رەزا | 149 | پاسی بچوک | 630 |
| 6 | باروشکێ | 248 | پاسی بچوک | 4760 |
| 7 | شەهیدان | 99 | پاسی بچوک | راوەستاوە |
| کۆی گشتی | | 906 | | 11172 |

سەرچاوە؛حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندن، بەرێوەبەرایەتی گواستنەوەی دهۆک ،2022، بڵاونەکراوە.

لە پارێزگای دهۆک (7) هێڵی گواستنەوەی گشتی پاسی بچووک هەیە، کۆی ژمارەی پاسەکانیش (906) پاسن، بەشێک لە دانیشتووانی پارێزگای دهۆک رۆژانە بۆ کار و چالاکیەکانیان سوود لەم

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(١)، بەهاری٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

هێڵانەی گواستنەوەی گشتی وەردەگرن، وەک ئەوەی لە خشتەی (6) دا هاتووە، رۆژانە (11172) هاوڵاتی لە کۆی دانیشتووانی پارێزگای دهۆک گواستنەوەی گشتی بەکاردەهێنن. ئەگەر ئەم ژمارەیە بەراورد بکەین بە کۆی ژمارەی دانیشتوان، ژمارەی دانیشتوانی پارێزگای دهۆک وەک ئەوەی لە خشتەی (4) دا هاتووە بریتیە لە (1648611) کەس، کەواتە لە کۆی ژمارەی دتنیشتوانی پارێزگای دهۆک رێژەی (0.667%) ی هاوڵاتیان رۆژانە هێڵەکانی گواستنەوەی گشتی لەناوخۆی شاردا بەکاردەهێنن. ئەم رێژەیە بۆ تەواوی پارێزگای دهۆک بەسەرجەم قەزا و شارەدێ و گوندەکانیەوە دەگرێتە خۆی، ئەگەر بمانەوێ تەنها دانیشتوانی ناوەندی شاری دهۆک هەژمار بکەین نەک دانیشتوانی تەواوی پارێزگای دهۆک، ئەوە پێویستمان بە ژمارەی دانیشتوانی ناوەندی شاری دهۆک دەبێ، بە پێی ئاماری دەستەی ئاماری هەرێم بۆ ساڵی 2020 کۆی ژمارەی دانیشتوانی ناوەندی شاری دهۆک بریتین لە (433964) کەس، کەواتە لە کۆی ژمارەی دانیشتوانی ناوەندی شاری دهۆک، رۆژانە تەنها رێژەی (2.57%) لە کۆی ریژەی ژمارەی تەواوی دانیشتوانی ناوەندی شار گواستنەوەی گشتی بەکاردەهێنن. ئەمەی لای سەرەوە سەبارەت بوو بە گواستنەوەی گشتی ناوخۆیی بۆ ناو شاری دهۆک، بۆ زانینی رێژەی بەکارهێنانی گواستنەوەی دەرەکی بڕوانە خشتەی(7).

خشتەی (7) بەکارهێنانی رۆژانەی گواستنەوەی گشتی دەرەکی لە پارێزگای دهۆک.

| ز | هێڵ | ئۆتۆمبێلەکان | جۆری ئۆتۆمبیل | بەکارهێنان |
|---|---|---|---|---|
| 1 | دهۆک- موسڵ | 21 | پاسی بچوک | 140 |
| 2 | دهۆک- موسڵ | 55 | تەکسی | 128 |
| 3 | دهۆک- زاخۆ | 83 | تەکسی | 280 |
| 4 | دهۆک- هەولێر | 14 | تەکسی | 56 |
| 5 | دهۆک- سەرسەنگ | 17 | تەکسی | 64 |
| 6 | دهۆک- قەدش | 9 | تەکسی | 44 |
| 7 | دهۆک- دێرەلوک | 22 | تەکسی | 48 |
| 8 | دهۆک- ئامێدی | 17 | تەکسی | 44 |
| 9 | دهۆک- شیلادزێ | 23 | تەکسی | 96 |
| کۆی گشتی | | 261 | | 900 |

سەرچاوە؛حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندن، بەرێوەبەرایەتی گواستنەوەی دهۆک ،2022، بڵاونەکراوە.

لە خشتەی (2)دا ئاماری هێڵەکانی ناوخۆیی و دەرەکی هەریەکە لە شار و ناوچەکانی هەرێمی کوردستانمان خستە روو، لەوێدا سەبارەت بەشاری دهۆک هێڵە دەرەکییەکانی گواستنەوەی گشتی بریتی بوون لە (15) هێڵی تەکسی و (3) هێلی پاس بۆ ساڵی 2021، بەڵام لە خشتەی (7) کە لای سەرەوە هاتووە تەنها نۆ هێڵی دەرەکی گواستنەوەی گشتی هاتووە بۆ ساڵی 2022، ئەم جیاوازییە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە هەندێک لەو هێڵانەی گواستنەوە تێکەڵ بەیەکتری کراون و هەندێکیشیان لەکارکردن راوەستاون، کەواتە بەپێی خشتەی لای سەرەوە لە ئێستادا تەنها (900) هاوڵاتی لە کۆی دانیشتوانی پارێزگای دهۆک رۆژانە گواستنەوەی گشتی دەرەکی بەکاردەهێنن بۆ هاتوچۆکردن و گەیشتن بە شارەکانی دیکەی هەرێمی کوردستان و عێراق، لەم ژمارەیەش (760) هاولاتی هێڵەکانی تەکسی و (140) هاوڵاتی هێلی پاس بەکاردەهێنن، بەراورد بە کۆی ژمارەی دانیشتوانی پارێزگای دهۆک رۆژانە نزیکەی رێژەی (0.056%) لە کۆی رێژەی ژمارەی دانیشتوانی پارێزگای دهۆک هێڵەکانی گواستنەوەی گشتی دەرەکی بەکاردەهێنن. ئەمەی لای سەرەوە رەوشی گواستنەوەی گشی ناوخۆیی و دەرەکی بوو لە پارێزگای دهۆک، کە سەرژمێری تەواوی هێڵە ناوخۆیی و دەرەکیەکانی گواستنەوەی گشتی و چەندایەتی و جۆری ئەو ئۆتۆمبێلانەشی لەم بوارەدا بەکاردەهێنرێن لە خۆدەگرێت، هەروەها رێژەی بەکارهێنەرانی رۆژانەی گواستنەوەی گشتی ناوخۆیی و دەرەکی لەلایەن هاوڵاتیان خستۆتە روو.

**باسی سێیەم: پارێزگای سلێمانی.**

پارێزگای سلێمانی یەکێکە لە پارێزگاکانی دیکەی هەرێمی کوردستان، هەرچەندە هەڵەبجە لە ئێستادا وەک پارێزگایەکی سەربەخۆ دادەنرێت بە ڵام لێرەدا لە پاڵ سلێمانیدا دانراوە لەبەر ئەوەی لە بواری گواستنەوە تاکو ئێستا ئامارەکان لە پارێزگای سلێمانی جیانەکراونەتەوە. لەم پارێزگایەش ژمارەیەک هێڵی ناوخۆیی و دەرەکی گواستنەوەی گشتی هەن کە رۆژانە لە لایەن هاوڵاتیان وەک گواستنەوەی گشتی بەکار دەهێنرێن و سودیان لێوەردەگیرێت ، لەدوای هەوڵە بەردەوامەکانی توێژەر لەگەڵ لایەنی پەیوەندیدار بە کەرتی گواستنەوە و گەیاندن لە پارێزگای سلێمانی و بەرپرس و کاتبی هێڵەکانی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(١)، بەهاری٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

گواستنەوەی گشتی و سەردانی مەیدانی بۆ هێلەکان لەلایەن توێژەرەوە لەگەڵ ئەو داتاو زانیارییانەی لە بەرێوەبەرایەتی گواستنەوەی سلێمانی و بۆردی ماستەر پلانی شاری سلێمانی بۆ گواستنەوە و هاتوچۆ بەردەست کەوتن، بۆ رێژەی بەکارهێنانی رۆژانەی هێڵەکانی گواستنەوەی گشتی لەلایەن هاوڵاتیان بروانە خشتەکانی(8)و(9).

خشتەی (8) بەکارهێنەرانی رۆژانەی گواستنەوەی گشتی ناوخۆیی لە پارێزگای سلێمانی.

| ز | هێڵ | ئۆتۆمبێلەکان | جۆری پاس | بەکارهێنان |
|---|---|---|---|---|
| 1 | سەرچنار | 165 | کۆستەر | 9180 |
| 2 | قولەرەیسی | 9 | کۆستەر | 1065 |
| 3 | رزگاری تازە و کۆن | 100 | کۆستەر | 5400 |
| 4 | حاجی ئاوا | 62 | کۆستەر | 3162 |
| 5 | بەختیاری تازە | 42 | کۆستەر | 3780 |
| 6 | بەختیاری کۆن | 77 | کۆستەر | 4788 |
| 7 | گەراجی بغداد | 29 | کۆستەر | 3132 |
| 8 | زەرگەتە | 86 | کۆستەر | 4644 |
| 9 | مامۆستایان | 36 | کۆستەر | 4752 |
| 10 | کارێزە ووشک | 162 | کۆستەر | 8262 |
| 11 | ئاشتی بەرانان | 47 | کۆستەر | 5358 |
| 12 | مجیدبەگ | 56 | کۆستەر | 6720 |
| 13 | تووی مەلیک | 73 | کۆستەر | 4218 |
| 14 | ئازادی | 113 | کۆستەر | 6498 |
| 15 | مامە یارە | 15 | کۆستەر | 2205 |
| 16 | گۆیژە | 43 | کۆستەر | 4902 |
| 17 | شەهیدانی ئازادی | 42 | کۆستەر | 6048 |
| 18 | خەبات | 70 | کۆستەر | 3920 |
| 19 | شارەوانی | 26 | کۆستەر | 3120 |
| 20 | شێخ محی الدین | 77 | کۆستەر | 4218 |
| 21 | بەکرە جۆ | 83 | کۆستەر | 4704 |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| 22 | ڕاپەڕین | 54 | کۆستەر | 6156 |
| 23 | شەکرەکە(قلیاسان) | 36 | کۆستەر | 3672 |
| 24 | کانی کوردە | 67 | کۆستەر | 4284 |
| 25 | تاسلوجە | 31 | کۆستەر | 3348 |
| | کۆی گشتی | 1601 | | 113864 |

سەرچاوە؛کاری توێژەر لە ڕێگای سەردانی مەیدانی و چاوپێکەوتن لە گەڵ بەرپرسی هێڵەکان و، لەگەڵ پشت بەستن بە بۆردی گواستنەوە و هاتوچۆی ماستەر پلانی شاری سلێمانی و، حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندن، بەرێوەبەرایەتی گواستنەوەی سلێمانی ،2022، بڵاونەکراوە.

لە پارێزگای سلێمانی (25) هێلّی گواستنەوەی گشتی هەیە، کە (1601) پاس لەو هێڵانەدا کار دەکەن، بەشێک لە دانیشتووانی پارێزگای سلێمانی ڕۆژانە بۆ کار و چالاکیەکانیان سوود لەم هێڵانەی گواستنەوەی گشتی وەردەگرن، وەک ئەوەی لە خشتەی (4.8) دا هاتووە، ڕۆژانە (113864) هاوڵاتی لە کۆی دانیشتووانی پارێزگای سلێمانی بۆ کاروبارەکانیان هێڵەکانی گواستنەوەی گشتی بەکاردەهێنن. ئەگەر ئەم ژمارەیە بەراورد بکەین بە کۆی ژمارەی دانیشتوان، ژمارەی دانیشتوانی پارێزگای سلێمانی وەک ئەوەی لە خشتەی (4.4) دا هاتووە بریتیە لە (2268050) کەس، کەواتە لە کۆی ژمارەی دانیشتوانی پارێزگای سلێمانی رێژەی (5.020%)ی هاوڵاتیان ڕۆژانە هێڵەکانی گواستنەوەی گشتی لەناوخۆی شاردا بەکاردەهێنن.

ئەم ڕێژەیە بۆ تەواوی پارێزگای سلێمانی بەسەرجەم قەزا و شارەدێ و گوندەکانیەوە دەگرێتە خۆی، ئەگەر بمانەوێ تەنها دانیشتوانی ناوشاری سلێمانی هەژمار بکەین نەک تەواوی پارێزگای سلێمانی، ئەوە پێویستمان بە ژمارەی دانیشتوانی ناوەندی شاری سلێمانی دەبێ، بە پێی ئاماری دەستەی ئاماری هەرێم بۆ ساڵی 2022 کۆی ژمارەی دانیشتوانی ناوەندی شاری سلێمانی بریتیە لە (922083) کەس، کەواتە لە کۆی ژمارەی دانیشتوانی ناوەندی پارێزگای سلێمانی ڕۆژانە تەنها ڕێژەی (12.34%) لە کۆی ڕیژەی ژمارەی تەواوی دانیشتوانی ناوەندی پارێزگای سلێمانی گواستنەوەی گشتی بەکاردەهێنن.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(١)، بەهاری٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

لەهەمان کاتدا چەندین هێڵی دیکەی گواستنەوەی گشتی دەرەکی لە شاری سلێمانی هەیە کە رۆژانە هاتوچۆ بە هاوڵاتیان دەکەن لە نێوان شاری سلێمانی و شارەکانی دیکەی هەرێمی کوردستان و عێراق، بۆ ئەمە بڕوانە خشتەی(9).

خشتەی (9 )بەکارهێنەرانی ڕۆژانەی گواستنەوەی گشتی دەرەکی لە پارێزگای سلێمانی.

| ز | هێڵ | ئۆتۆمبێلەکان | جۆری ئۆتۆمبێل | بەکارهێنان |
|---|---|---|---|---|
| 1 | سلێمانی_ چوارتا | 50 | تەکسی | 320 |
| 2 | سلێمانی_ چوارتا | 7 | پاسی بچوک | 168 |
| 3 | سلێمانی_ ماوەت | 7 | پاسی بچوک | 112 |
| 4 | سلێمانی_ بازیان | 53 | تەکسی | 180 |
| 5 | سلێمانی_ بازیان | 46 | کۆستەر | 1120 |
| 6 | سلێمانی_ دوکان/ پیرەمەگرون | 42 | تەکسی | 240 |
| 7 | سلێمانی_ دوکان/ پیرەمەگرون | 20 | کۆستەر | 640 |
| 8 | سلێمانی_ ڕانیە | 38 | تەکسی | 304 |
| 9 | سلێمانی_ ڕانیە | 29 | کۆستەر | 870 |
| 10 | سلێمانی_ قەڵادزێ | 9 | تەکسی | 72 |
| 11 | سلێمانی_ قەڵادزێ | 2 | کۆستەر | 92 |
| 12 | سلێمانی_ عەربەت | 52 | تەکسی | 520 |
| 13 | سلێمانی_ عەربەت | 39 | پاسی بچوک | 936 |
| 14 | سلێمانی_ سەید سادق | 22 | تەکسی | 176 |
| 15 | سلێمانی_ سەید سادق | 33 | پاسی بچوک | 858 |
| 16 | سلێمانی_ پێنجوێن | 92 | تەکسی | 424 |
| 17 | سلێمانی_ پێنجوێن | 62 | پاسی بچوک | 1170 |
| 18 | سلێمانی_ هەڵەبجەی شەهید | 27 | تەکسی | 216 |
| 19 | سلێمانی_ هەڵەبجەی شەهید | 28 | پاسی بچوک | 728 |
| 20 | سلێمانی_ تەوێڵە | 8 | تەکسی | 64 |
| 21 | سلێمانی_ خورماڵ | 9 | تەکسی | 72 |
| 22 | سلێمانی_ خورماڵ | 5 | پاسی بچوک | 140 |

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(١)، بەهاری٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| 23 | سلێمانی_ هەڵەبجەی تازە | 12 | تەکسی | 96 |
| 24 | سلێمانی_ هەڵەبجەی تازە | 22 | پاسی بچوک | 616 |
| 25 | سلێمانی_ دەربەندیخان | 18 | تەکسی | 144 |
| 26 | سلێمانی_ دەربەندیخان | 12 | پاسی بچوک | 312 |
| 27 | سلێمانی_ کەلار | 24 | تەکسی | 192 |
| 28 | سلێمانی_ کەلار | 31 | پاسی گەورە | 1050 |
| 29 | سلێمانی_ بەرزنجە | 9 | تەکسی | 72 |
| 30 | سلێمانی_ کۆیە | 24 | تەکسی | 192 |
| 31 | سلێمانی_ چەمچەماڵ | 30 | تەکسی | 240 |
| 32 | سلێمانی_ چەمچەماڵ | 28 | کۆستەر | 644 |
| 33 | سلێمانی_ کەرکوک | 106 | تەکسی | 640 |
| 34 | سلێمانی_ کەرکوک | 34 | پاسی بچوک | 476 |
| 35 | سلێمانی_ بەغداد | 148 | تەکسی | 560 |
| 36 | سلێمانی_ بەغداد | 27 | پاسی بچوک | 420 |
| 37 | سلێمانی_ قەرەداغ | 3 | تەکسی | 24 |
| 38 | سلێمانی_ خانەقین | 9 | تەکسی | 72 |
| 39 | سلێمانی_ هەولێر | 114 | تەکسی | 560 |
| 40 | سلێمانی_ هەولێر | 44 | پاسی بچوک | 572 |
| کۆی گشتی | | 1071 | | 16304 |

سەرچاوە؛کاری توێژەر لە ڕێگای سەردانی مەیدانی و چاوپێکەوتن لە گەڵ بەرپرسی هێڵەکان، و لەگەڵ پشت بەستن بە وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندن، بەڕێوەبەرایەتی گواستنەوەی سلێمانی ،2022، بڵاونەکراوە.

بەپێی خشتەی لای سەرەوە (16304) هاوڵاتی لە کۆی دانیشتوانی پارێزگای سلێمانی ڕۆژانە گواستنەوەی گشتی دەرەکی بەکاردەهێنن بۆ هاتوچۆکردن و گەیشتن بە شارەکانی دیکەی هەرێمی کوردستان و عێراق، بەراورد بە کۆی ژمارەی دانیشتوانی شاری سلێمانی ڕۆژانە نزیکەی (0.718%) هاوڵاتیان هێڵە گشتیە دەرەکیەکانی گواستنەوەی گشتی بەکاردەهێنن. ئەمەرەوشی گواستنەوەی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(١)، بەهاری٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

گشی ناوخۆیی و دەرەکی بوو لە رووی رێژەی بەکارهێنانی رۆژانەی گواستنەوەی گشتی لەلایەن هاوڵاتیان لە پارێزگای سلێمانی. بەپێی ئەو داتا و ئامارانەی لەخشتەکانی لای سەرەوە، کە رێژەی بەکارهێنانی ڕۆژانەی گواستنەوەی گشتی لە پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان دیاریکردوە، لە هێڵەکانی گواستنەوەی گشتی بۆ دەرەوەی پارێزگا و نێوان پارێزگاکان و شار و شارۆچکەکان یان هێڵەکانی گواستنەوەی گشتی لە ناوخۆی شارەکان، بەراورد بە ژمارەی دانیشتوانی پارێزگاکان لە هەرێمی کوردستان ڕێژەی بەکارهێنەرانی هێڵەکانی گواستنەوەی گشتی بریتیە لە رێژەی ئەو هاوڵاتیانەی رۆژانە بۆ کاروبارەکانی هاتو چۆکردنیان سوود لە هێڵەکانی گواستنەوەی گشتی وەردەگرن، ئەو رێژەیە ڕێژەیەکی زۆر کەمە بە بەراورد بە ژمارەی دانیشتوانی پارێزگاکان، لەلایەکی دیکەوە ئەگەر سەرنج بدەین لە رێژەی بەکارهێنانی گواستنەوەی گشتی لە هەندێک لە شارەکانی وڵاتانی دنیا، کە لە چی ئاستێکدایە؟ بۆ ئەم مەبەستە بڕوانە خشتەی (10).

خشتەی (10) رێژەی سوود وەرگرتن لە هێڵەکانی گواستنەوەی گشتی لەلایەن فەرمانبەر و خاوەن کارەکانەوە لە هەندێک لە شارە گەورەکانی جیهاندا.

| شارەکان | هەلی کار لە ناوەندی شار بە هەزار | چڕی دانیشتوان بە هەزار بۆ هەر/ کم٢ | رێژەی سوود وەرگرتن لە گواستنەوەی گشتی |
|---|---|---|---|
| تۆکیۆ | 1259 | 15.3 | 94% |
| نیۆرک | 2000 | 9.7 | 93% |
| لەندەن | 1200 | 7.3 | %89.5 |
| پاریس | 1151 | 25.2 | %81 |
| شیکاگۆ | 547 | 4.2 | %83.5 |
| بۆستن | 257 | 5.4 | %60 |
| تۆرینتۆ | 231 | 7.3 | %63 |
| هامبۆرگ | 230 | 2.5 | %72 |
| لۆس ئەنجلۆس | 157 | 2.1 | %37 |
| مانشتر | 152 | 5.4 | %78 |
| کۆپنهاگن | 150 | 5.3 | %75 |
| ئەسینا | 125 | 17 | %73 |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ستۆکهۆڵم | 120 | 4.1 | %71 |
| دیترۆیت | 80 | 4.2 | %43 |

سەرچاوە؛ (الشواورة، 2013،ص318 ). وەریگرتوە لە ( Thompson ,W. R., (2000),Urban Economic growth and development To a National system of cites, New York).

خشتەی(10) ئەوەمان بۆ رون دەکاتەوە کە رێژەیەکی زۆر لە خاوەن کار و فەرمانبەرانی هەریەک لەو شارە گەورانەی دنیا، بۆ گەیشتن بۆسەر کارەکانیان و گەرانەوەیان بۆ ماڵەکانیان، لەجیاتی ئەوەی گواستنەوەی تایبەت و ئۆتۆمبێلی تایبەتی خۆیان بەکاربهێنن رۆژانە سوود لە گواستنەوەی گشتی وەردگرن و هێڵە جیاواز و ئامرازە جیاوازەکانی گواستنەوەی گشتی بەکاردەهێنن،بۆ نموونە رێژەی بەکارهێنانی هێڵەکانی گواستنەوەی گشتی لە لایەن فەرمانبەر و خاوەنکارەکانەوە لەو شارانەدا لە رێژەی (94%) دەست پێدەکات بۆ نزمترین ئاست کە رێژەی (37%) لەخۆدەگرێت، بەڵام رێژەی بەکارهێنانی رۆژانەی هاوڵاتیان لە هەرێمی کوردستان لە سەر ئاستی پارێزگا و ناوشارەکان زۆر لە ئاستێکی نزمدایە، بۆ نموونە لەسەر ئاستی گشتی پارێزگاکان بەم جۆرەیە، هەولێر (5.76%) و دهۆک (0.667%) و سلێمانی (5.020%). رێژەی بەکارهێنانی رۆژانەی گواستنەوەی گشتی لەناو سەنتەری شارەکان بەم جۆرەیە، هەولێر (10.08%) و دهۆک (2.57%) و سلێمانی (12.34%). بە پێچەوانەی خاوەن کار و فەرمانبەرانی ئەو ولاتانەی لە خشتەی (10)دا هاتووە، لە هەرێمی کوردستان خاوەن کار و فەرمانبەران لە کەرتە جیاوازەکان، بە رێژەیەکی بەرز ڕۆژانە ئۆتۆمبێلی تایبەتی خۆیان بەکار دەهێنن بۆ گەیشتنە سەر کارەکانیان و گەرانەوەیان بۆ شوێنی نیشتەجێبونیان، ئەمەش لەوەیە زیاتر بەهۆی خراپی رەوشی گواستنەوەی گشتی ئەوەی کە لە ئێستادا بەردەستە بۆ هاوڵاتیان.

**ئەنجامی توێژینەوەکە:**

1. لە پرۆسەی گواستنەوەی گشتی لە هەرێمی کوردستان تەنها گواستنەوە بە پاس و تەکسی بەردەستە بۆ هاوڵاتیان، لەپاڵ ئەمەدا دەیان کۆمپانیا و نوسینگەی گواستنەوەی جۆرا و جۆریش بوونیان هەیە، بەڵام جۆرێکی سەرەکی گواستنەوەی گشتی، کە ئەتوانین بە شادەماری گواستنەوەی گشتی ناوی بەرین وەک شەمەندەفەر و جۆرەکانی و سیتی پاس تاکو نوسینی ئەم دێڕانەش بەردەست نین.
2. هەندێک پرۆژە و گرێبەست لە نێوان حکومەت و کەرتی تایبەت بوونی هەیە بۆ دامەزراندن و دروستکردنی هێلی شەمەندەفەر و سیتی پاس، بەڵام تاکو ئێستا تەنها مەرەکەبی سەر لاپەرەکانن.
3. نزمی ئاستی خزمەتگوزاریەیەکانی کەرتی گواستنەوەی گشتی هۆکارن بۆ ئەوەی هاوڵاتیان زۆر کەم ڕوو لە بەکارهێنانی بکەن، ڕێژەی بەکارهێنان بۆ ناو سەنتەری شارەکان لە (١٢%) یە و، بۆ هاتوچۆ بە هێڵەکانی دەرەوەی شارەکان (٥%) تێپەرناکات.
4. زۆربونی ئامرازەکانی گواستنەوە هۆکارن بۆ زۆربوونی روداوەکانی هاتووچۆ و پیس بوونی ژینگە و هەوای شارەکان.
5. ئەو ئۆتۆمبێلانەی لە هێڵەکانی گواستنەوەی گشتیدا کاردەکەن ڕێژەیان زۆر کەمە بەراورد بە ژمارەی دانیشتوان بۆ نموونە لە پارێزگای هەولێر بە (2378) هاوڵاتی یەک پاسیان بەردەکەوێت لە هێڵەکانی ناوخۆی شادرا و, بۆ خزمەتگوزاری گواستنەوەی گشتی دەرەکی ئەوە بۆ (12737) هاوڵاتی یەک پاسیان بەردەکەوێت. بۆ گواستنەوەی گشتی ناوخۆیی لە پارێزگای سلێمانی (1000) هاوڵاتی یەک پاسیان بەردەکەوێت و بۆ گواستنەوەی دەرەکیش (3751) هاوڵاتی یەک پاسیان بەردەکەوێ.
6. ئامرازەکانی گواستنەوە لە کەرتی گواستنەوەی گشتیدا خاوەنداریەتیشیان ناگەرێتەوە بۆ حکومەت، بەڵکو لەلایەن خەڵک و کەرتی تایبەت خاوەندارێتی دەکرێن، ئەمەش هۆکارە بۆ ئەوەی نرخی گواستنەوەی گشتی تا رادەیەک گران بێ، بەتایبەت بۆ هاوڵاتیانی کەمدەرامەت،

لەبەر ئەوەی حکومەت راستەوخۆ خاوەندارییەتی ئەم ئۆتۆمبێل و هێڵە گشتیانەی گواستنەوە ناکات و، وەک پێویست پاڵپشتیان ناکات.

**راسپاردە و پێشنیارەکان:**

1. دانانی پلانی ستراتیژی بۆ برەودان بە دامەزراندنی هێڵی گواستنەوەی گشتی وەک جۆرەکانی شەمەندەفەر و سیتی پاس، پێداویستیەکی سەرەکییە بۆ کۆمەڵگە.
2. پێویستە لایەنی پەیوەندیدار هەوڵی زیاد کردنی خزمەتگوزارییەکانی کەرتی گواستنەوەی گشتی و رێکخستنەوەی بدات لە ئێستادا.
3. کەرتی گواستنەوەی گشتی پەیوەندی راستەوخۆی بە ژیانی رۆژانەی هاوڵاتیان هەیە و پێویستە تویژەران بە بایەخەوە گرنگی یاتری پێبدەن و لە رێگای تویژینەوەی زانستی کێشە و چارەسەرەکانی دیاری بکەن.

**سەرچاوەکان**

**یەکەم؛ کتێبەکان:**

1. ئەبراش, ئیبراهیم،(٢٠١٣). **میتۆدەکانی توێژینەوە لە کۆمەڵناسی**,و:دیدار ابوزید، هەولێر: چاپخانەی رۆژهەڵات.
2. عومەر، مەعەن خەلیل،(٢٠١٢). **میتۆدەکانی توێژینەوە لە کۆمەڵناسی**. و:د.محمد شوانی،هەولێر:چاپخانەی رۆژهەڵات.
3. شوانی، مەحمد،(٢٠١٥). **سەرەتایەک بۆ نوسینی توێژینەوە لە کۆمەڵناسیدا**، هەولێر: چاپخانەی هێڤی.
4. الشواورة،علی سالم إحمیدان،(2013).جغرافیة النقل وتطورها، عمان: دار صفاء للنشر والتوزیع.
5. اسماء، خلیفی و نور الهدی، معیفی، (2018). إعادة هیكلیة شبكة النقل الحضری الجماعی فی مدینة تبسة لسهولة وصول أفضل بإستعمال نظم المعلومات الجغرافیة، جامعة العربی بن مهیدی_أم البواقی، معهد علوم الأرض والهندسة المعماریة، قسم الجغرافیة والتهیئة الحضریة.

6. ئادلر، هانز، (١٩٧٠). **التخطيط فى قطاع النقل ومشاريع النقل**، ت: كمال عبدالقادر ولى، بغداد: وزارة التخطيط.
7. الجلاد،أحمد،(٢٠٠٣).**الآفاق التخطيطية لأنماط النقل السياحى**، القاهرة: الناشر عالم الكتب.
8. الخياط، ماجد محمد،(٢٠١٠). **أساسيات البحوث الكمية والنوعية فى العلوم الاجتماعية,** عمان: دار الراية للنشر والتوزيع.
9. صفر،زين العابدين على،(٢٠١٥). **جغرافية النقل**.عمان:دار الوضاح للنشر.
10. مكى،ابراهيم،(١٩٧٥). **نظام النقل بأوعية شحن الحاويات**.الكويت،دار القبس للصحافة والطباعة والنشر.
11. مكى،هشام،(٢٠١٣). **دور قطاع النقل فى التنمية المستدامة**، ملتقى دولي: استراتيجيات وآفاق تطوير قطاع النقل في الجزائر في إطار التنمية الوطنية – ( ٠٧-٠٨ اكتوبر 2013 )- المسيلة.
12. زيدان، د.خالد،(٢٠١٢). **فرص الإستثمار فى قطاع النقل والمواصلات**. الفلسطين، معهد ابحاث السياسات الإقتصادية.
13. على،زين العابدين،(2000). **مبادئ تخطيط النقل الحضرى**، عمان: دار الصفاء للنشر والتوزيع.

### دووەم؛ نامەی ماستەر و تێزی دکتۆرا:

14. خالد، ڤردوح و فارس، فنطازى، (2019). **أثر جودة خدمة النقل الحضرى الجماعى على الجاذبية السياحية،** رساڵە ماجستير، الجزائر: جامعة محمد الصديق بن يحى_جيجل- كلية العلوم الاقتصادية و التجارية وعلوم التسيير- قسم العلوم التجارية.
15. حبيب، مداح عبدالرحمان و عبدالمجيد، بومهدى(٢٠١٨). **مشكلات النقل الحضرى بمدينة مستغانم**، رسالة ماجستير، جامعة عبد المجيد بن باديس- كلية العلوم الاجتماعيه.
16. مروة،بوطريس و ريمة،سمرانى،(2016). تنظيم النقل الحضرى الجماعى بالحافلات من خلال محاولة انجاز تراموای_حالة بلدية سكيكدة،رسالة ماجستير،جامعة العربى بن مهدى_ام البواقى- كلية علوم الأرض والهندسة المعمارية- قسم جغرافية والهيئة العمرانية.

**سێهەم؛ دامەزراوە حکومیەکان:**

17. حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندن، بەرێوەبەرایەتی گشتی گواستنەوە،2022.
18. حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندن، بەرێوەبەرایەتی گواستنەوەی هەولێر،2022.
19. حکومەتی هەرێمی کوردستان،وەزارەتی پلاندانان، دەستەی ئاماری هەرێم،2022.
20. حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندن، بەرێوەبەرایەتی گواستنەوەی دهۆک ،2022.
21. حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندن، بەرێوەبەرایەتی گواستنەوەی ئیدارەی گەرمیان ،2022.
22. حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندن، بەرێوەبەرایەتی گواستنەوەی ئیدارەی ڕاپەڕین ،2022.

**چوارەم؛ پێگە ئەلکترۆنییەکان:**

23. ئیدارەی گەرمیان، 2022/02/29، http://garmiyan.com/Yakaidariyakan.aspx?jimare=10.
24. ئیدارەی ڕاپەڕین، 2022/02/20، http://raparin.gov.krd/ku/derbara.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(١)، بەهاری٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# The Reality of the Public transport sector in the Kurdistan Region of Iraq
## Socio-analytical research

**Dr. Saleem Patros Elias**
Department of Sociology, College of Arts, Salahaddin University, Erbil, Kurdistan Region, Iraq
Selim.elias@su.edu.krd

**Nabaz Azeez Ahmed**
Department of Sociology, College of Arts, Salahaddin University, Erbil, Kurdistan Region, Iraq
nabaz.ahmad@su.edu.krd

**Keywords:** *Transportation, Public Transportation, Private transportation, society reality, Transportation Means*.

## Abstract
Transportation played an important role in our daily lives, transporting people throughout cities, accessing work, educational, health and service institutions, and social activities. It is the basic pillar that affects and is affected by the process of social and economic development. The field of service projects and contributes to reducing the costs of products and services. Mobility is a necessary need for the individual to meet the requirements of life through the transportation system. Official institutions and governments are responsible for securing transportation services with high quality and organizing this sector. The study aims to determine the percentage of public transport consumers, the percentage and quality of means of transportation in the public transport sector compared to the percentage of the population of the regions, and to determine the quality of public transport services. The study reached several results, the most important of which is that urban mobility in the Kurdistan Region is not as required, and public transport services were not positive despite this, and the number of means of transport causing environmental pollution and traffic accidents increases. This research consists of three chapters, the first chapter includes

the general framework of the research that It contains the research problem, the importance and objectives of the research, while the second chapter explains the reality of public transportation in the Kurdistan Region, and the third chapter includes official data on public transportation in the region.

# واقع قطاع النقل العام فى اقليم كوردستان العراق
## دراسة سوسيو تحليلية

**الملخص**

أدى النقل دورا مهما فى حياتنا اليومية و نقل الاشخاص فى جميع انحاء المدن والوصول الى العمل والمؤسسات التعليميه والصحية والخدمية والانشطة الاجتماعية، هو الركيزة الاساسية التى تؤثر وتتأثر بعملية التنميه الاجتماعية والاقتصادية و مرتبط بجميع النظم المختلفة فى اطار البناء الاجتماعى، وذلك بما يقدمه من تسهيلات فى مجال المشاريع الخدمية ويساهم فى خفض تكاليف المنتجات والخدمات، فالحراك هو حاجة ضرورية للفرد لتلبية متطلبات الحياة من خلال نظام النقل، فالمؤسسات الرسمية والحكومات هى الجهه المسؤولة عن تأمين خدمات النقل بجوده عالية و تنظيم هذا القطاع. وتهدف الدراسة الى تحديد نسبة مستهلكى النقل العام وتحديد نسبة ونوعية وسائط المواصلات فى قطاع النقل العام مقارنة بنسبة سكان المناطق وتحديد جودة خدمات النقل العام. وتوصلت الدراسة الى عدة نتائج واهمها ان التنقلات الحضرية فى اقليم كوردستان ليس بالحد المطلوب،وخدمات النقل العام لم تكن ايجابية رغم هذا وتزداد عدد وسائط النقل المسببة فى تلوث البيئة و الحوادث المرورية، يتكون هذا البحث من ثلاثة فصول، يتضمن الفصل الاول الاطار العام للبحث الذى يحتوى مشكلة البحث وأهمية وأهداف البحث، بينما يشرح الفصل الثانى واقع النقل العام فى اقليم كوردستان، ويتضمن الفصل الثالث البيانات الرسمية عن النقل العام فى الاقليم.